# رونكردنەوەيەك بۆ ئۆژين كەريم لە سروە جەبارەوە

srwajabar@yahoo.com

پێم خۆش نەبوو لەسەر ئەو نوسینە پر لە قینەی ئۆژین کەریم وەلأم بدەمەوە بەلأم , لەبەر ئەوەی کە هەم برادەرانی کوردستان پۆست – بە گلەییەکی زۆرەوە ئەمانەتەکەیان نەپاراست , وە بۆ ئەوەی خەلکی بە هەلەدا نەچێت , بە پێویستی دەزانم کە ئەم روونکردنەوەیە بۆ خوێنەرانی مالْ پەرەکانی کوردستان پۆست و دەنگەکان و تەنانەت رۆژنامەی جەماوەر , بخەمە روو . پێش هەموو شتێك ئەوەی کە نوسراوە بە ناوی حیکەمت خانەقینیەوە بەلێ نوسینی منە , بەلأم لە بەر ئیرهابی یەکێتی و تۆقاندنی هەر کەسێك کە ناتوانێ ئازادانە دەنگی خۆی بەیان بکات , داوام لە بەرێزان بەرێوەبرانی کوردستان پۆست کردبوو کە بە ناوی حیکمەت خانەقینی بۆم بلأو بکەنەوە , چونکە پێشتر لە سەرنوسینی بابەتێك بە ناوی (**<u>تاڵەبانی و گەندەڵی سیاسی</u>**) کە بەناوی خۆم و وێنەی خۆمەوە بلأوم کردەوە , مەگەر خودا بزانێت , کە تووشی چەند هەرەشە و قسەی بازاری و رەفتارێك کە دوورە لە عورفی ئینسانی رووبەروو بومەوە , هەر ئەم هۆیەش بوو کە داوام لە برادەرانی کوردستان پۆست کرد بەو ناوە بلأوی بکەنەوە نەك بە ناوی حەقیقی خۆمەوە و بۆ سەلماندنی بەلگەکانیش , وێنەی ئەو نامەیەم لاماوە کە بۆ برادەرانی کوردستان پۆستم ناردووە . بە هەمان شێوە لە نامەیەکمدا بۆ کاك گۆران لە مالپەری دەنگەکان هەمان داوام لێکردبوو کە بە ناوی خۆمەوە بلأوی نەکاتەوە , تەنها بەو ناوە بێت , کاك گۆران لە وەلأمیدا کە وێنەیکیم لایە , رەزامەندی خۆی دەربریووە و بەو ناوە بۆی بلأو کردمەوە . هەموو ئەمانەش تەنها لە پێناوی ئەوەدایە کە ئیرهابی یەکێتی بە جۆرێکە , کەم کەس هەیە لە کوردستان بێت و بوێرێت بەو نەفەسە رەخنە ئاراستەی یەکێتی بکات و بە سەلامەتی لێی دەرچێت . ئەم ئۆژین ناوە , نەهاتووە وەلأمی مەنتیقی بۆ ئەو بابەتە پێ بێت کە من نوسیوومە , راستەوخۆ هیستریا گرتوویەتی و بە دەزگای پاراستن تۆمەتبارم دەکات کە بە هیچ شێوەیەك لێی قبولْ ناکرێ . چونکە ئەوەی نوسیم تێبینی و سەرنجەکانی خودی خۆم بووە لەسەر رەوشی ئەم دواییەی کوردستان و یەکێتی . ئەگەر باس لە رابردوو بکرێ , ئەوا هەموو کەس رابردووی پاکی هەبێت , یەکێتی ناتوانێ بلێت هەمە , بۆ ئەوەش بە پێویستی نازانم 1966و 1983 و هێنانی پاسدار بۆ سەر بارەگاکانی دیموکرات بە بیر ئۆژین و ئەو دەزگایە بهێنمەوە کە خۆیان زۆر باشتر لە هەر کەس دەزانن . ئەگەر بریار بێت خەلك دادگایی بکرێت , ئەوا با ئۆژین سەیری یاداشتەکەی کۆسرەت و نەوشیروان و عومەری سەید عەلی بکات بزانێت ئەو فەسادەی کە یەکێتی و تالەبانی تێیکەوتووە چەندە , لە کام دادگای خەلکی رەش و رووتی ئەم ولأتەدا , هەولْ بدریْ مافە زەوتکراوەکانی هاولأتیان لە چاویاندا دەرهێنرێتەوە .

بەلْی ئەوە منم , بەلأم لێرەوە داوا لە هەموو ئازادی دۆستێك و هەموو کەسێکی دلْسۆز دەکەم , کە لە ئیستا بە دواوە ئاگادار بن بچوکترین هەرەشی یەکێتی , بە هەموو ئازادی دۆست و مرۆڤ پەروەرێك دەگەیەنم . ئەگەر ئۆژین کەریم راست دەکات و نوسنەکە هی دەزگایەکی ئەمنی یەکێتی نیە با وەك و من ناوی خۆی و وێنەکەی ئاشکرا بکات .